# گلۆباڵ دیموکراسی
# GLOBAL DEMOCRACY




ئامادەکردنی: بابان ئەنوەر

IDEA DIPLOMATIC

# کامیرۆن: پۆڵ بیا دوای 30 ساڵ شکستی هێنا

**ئەنجامی هەڵبژاردنی کامیرۆن 2018**

| ئەنجامی دەنگی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کامیرۆن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | کاندید | پارتەکەی | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| 1 | ماوریس کامتۆ | بزووتنەوەی ڕابوونی کامیرۆنی | 2,461,733 | ٪71.09 |
| 2 | پۆڵ بیا | بزووتنەوەی دیموکراسیی خەڵکی کامیرۆن | 498,536 | ٪14.40 |
| 3 | کابراڵ لیبی | یونیڤێرسە | 218,834 | ٪6.32 |
| 4 | جۆشوا ئۆسی | بەرەی سۆسیال دیموکراتەکان | 110,449 | ٪3.19 |
| 5 | ئادامۆ نادم | یەکێتیی دیموکراسیی کامیرۆن | 59,884 | ٪1.73 |
| 6 | گارگا هامان | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و گەشەپێدان | 55,971 | ٪1.62 |
| 7 | سێرج ماتۆمبا | یەکێتی بۆ نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی | 34,106 | ٪0.98 |
| 8 | فرانکلین ئەفانوی | بزووتنەوەی هاونیشتیمانیی نەتەوەیی کامیرۆن | 23,298 | ٪0.67 |
| 9 | ئاکیری مونا | ئێستا! | 16,753 | ٪0.48 |

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کامیرۆن لە مانگی ئۆکتۆبەری 2018، جیاواز لە هەر هەڵبژاردنێکی دیکەی جیهان چاوێکی زۆری لەسەر بوو، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان: سەرۆکی ئێستای وڵات (پۆڵ بیا) ماوەی 30 ساڵە فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە دەکات و یەکێکە لە سەرۆکە ماوەدرێژەکانی جیهان، هۆکاری دووەمیش بریتییە لە بوونی 22 کاندیدی سەرۆکایەتیی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن، کە گشتیان خۆیان بە جێگرەوە و بەدیلی پۆڵ بیا دەزانی، بەڵام ئەم هەموو کاندیدە بووە جێگەی ڕەخنەی چاودێران و بە پەرتکردنی دەنگی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە لێکدرایەوە. جێگەی باس هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی کامیرۆن لە ڕووی تەکنیکی و لۆجیستییەوە گەلێک لاواز بوو، هەربۆیە هەندێک لە بنکەکانی دەنگدان دوای چەند کاتژمێرێک لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکە ئینجا دەرگایان بە ڕووی دەنگدەراندا کردەوە. لە سەرجەم وڵاتدا (6.587.383) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیەش (3.524.326) کەس دەنگی خۆیان داوە، واتە ڕێژەی بەشداربوون بریتیبوو لە (53.50%).

# زیمبابۆی؛ ئۆپۆزسیۆن ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە ڕەتدەکاتەوە




**ئەنجامی هەڵبژاردنی زیمبابۆی 2018**

| ئەنجامی دەنگی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی زیمبابۆی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | کاندید | پارتەکەی | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| 1 | ئیمرسۆن منانگاگوا | یەکێتیی نیشتیمانیی ئەفریقی زیمبابۆی- بەرەی نیشتیمانی | 2,460,463 | ٪50.8 |
| 2 | نیڵسۆن کامیسا | هاوپەیمانی بۆ گۆڕانی دیموکراسی | 2,147,436 | ٪44.3 |
| 3 | سۆکۆزانی خوپێ | بزووتنەوەی گۆڕانی دیموکراسی | 45,573 | ٪0.9 |
| 4 | جۆزێف ماکامبا | FreeZim Congress | 17,566 | ٪0.4 |
| 5 | نکۆسنا مۆیۆ | هاوپەیمانێتی لەپێناو ئەجێندای خەڵکدا | 15,223 | ٪0.3 |
| 6 | ئیڤاریستۆ چیکانگا | پارتی بونیادنانەوەی زیمبابۆی | 13,141 | ٪0.3 |

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی لیژنەی هەڵبژاردنەکانی کامیرۆن، (ئیمرسۆن منانگاگوا) توانی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی حوزەیرانی 2018 بەدەستبهێنێت و ببێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەم ئەنجامانە هەروا بە ئاسانی قبووڵ نەکرا، بەڵکو بەرەی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامەکانی ڕەتکردەوە و ئەمەش توندوتیژیی لێکەوتەوە، بەو هۆیەشەوە زیاتر لە 6 کەس کوژران. پێش چەند مانگێک لە هەڵبژاردنەکان و لە نۆڤەمبەری 2017دا منانگاگوا پێشتر بەرپرسی دەزگای هەواڵگری بووە و لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازییەوە هاتە سەر دەسەڵات و جێگەی (مۆگابی)ی گرتەوە.

# ڕواندا؛ بەرەی نیشتیمانیی فەرمانڕەوا زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێنا

### ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕواندا 2018

<table>
<tr><th colspan="5">ئەنجامی هەڵبژاردنە پەڕلەمانییەکەی ڕواندا</th></tr>
<tr><th>ز</th><th colspan="2">پارت</th><th colspan="2">ژمارەی کورسی</th></tr>
<tr><td rowspan="6">1</td><td rowspan="6">هاوپەیمانێتیی بەرەی نیشتیمانیی ڕواندا</td><td>بەرەی نیشتیمانیی ڕواندا</td><td>36</td><td rowspan="6">40</td></tr>
<tr><td>پارتی دیموکراتی ناوەندگەرا</td><td>1</td></tr>
<tr><td>پارتی دیموکراتی نموونەیی</td><td>1</td></tr>
<tr><td>پارتی پێشکەوتن و تەبایی</td><td>1</td></tr>
<tr><td>یەکێتیی نیشتیمانیی خەڵکی ڕواندا</td><td>1</td></tr>
<tr><td>پارتی سۆسیالیستی ڕواندا</td><td>0</td></tr>
<tr><td>2</td><td colspan="2">پارتی سۆسیال دیموکرات</td><td colspan="2">5</td></tr>
<tr><td>3</td><td colspan="2">پارتی لیبراڵ</td><td colspan="2">4</td></tr>
<tr><td>4</td><td colspan="2">پارتی دیموکراتی سەوز</td><td colspan="2">2</td></tr>
<tr><td>5</td><td colspan="2">پارتی سۆشیاڵی ئیمبێراکۆری</td><td colspan="2">2</td></tr>
<tr><td>6</td><td colspan="2">کاندیدە کۆتاکان</td><td colspan="2">27</td></tr>
</table>

بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنە پەڕلەمانییەکەی ڕواندا، کە لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری 2018دا بەڕێوەچوو، پارتی بەرەی نیشتیمانیی فەرمانڕەوا زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێنا. ئەمە لە کاتێکدا هەر لە ڕێگەی هەمان هەڵبژاردنەوە، بۆ یەکەم جار و پاش ساڵی 1994، هێزێکی ئۆپۆزسیۆن چووە ناو پەڕلەمانەوە، کە ئەویش پارتی دیموکراتی سەوزە. بەرەی نیشتیمانیی ڕواندا کە پارتێکی سەرەکیی ناو هاوپەیمانێتیی بەرەی نیشتیمانیی ڕواندایە، توانی زۆرینەی کورسییەکانی پەڕلەمان و هاوپەیمانێتییەکەشی بەدەستبهێنێت، واتە (36) کورسی. جێگەی باسە پەڕلەمانی ڕواندا لە (80) ئەندام پێکدێت، لەو ژمارەیە 53 کەسیان لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێن، (27) کورسییەکەی دیکەش وەک کۆتایەک تەرخانکراوە بۆ ژنان و لاوان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کە ئەمانەش لەلایەن لیژنە و دەستەی تایبەتەوە هەڵدەبژێردرێن. لە دوای پاکتاوە نەژادییەکەی ساڵی 1994ـەوە ئەمە چوارەم هەڵبژاردنە کە لە ڕواندا ئەنجامدەرێت. پارتی دیموکراتی سەوزیش، کە وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن چۆتە ناو پەڕلەمانەوە، پارتێکی تازە دامەزراوە و ساڵی 2009 لەلایەن (فرانک هابینزا)وە دامەزراوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو حکومەتەی دوای هەڵبژاردنەکان لە ڕواندا دروستکرا، هاوسەنگییەکی بەرچاوی بۆ ژنان تێدا ڕەچاوکراوە، بەجۆرێک کە لە کۆی 26 کورسیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە، 13 کورسی بۆ ژنان تەرخانکراوە.

# کەمبۆدیا؛ پارتی فەرمانڕەوا (125 کورسی)، پارتەکانی تر (0 کورسی)!



دیمەنێك لە هەڵبژاردنەکانی کەمبۆدیا

پاش ئەوەی لە کۆتاییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی 2018دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کەمبۆدیا ئەنجامدرا، پارتی گەلی کەمبۆدی سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند و بووە خاوەنی 125 کورسی، واتە سەرجەم کورسییەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن چاودێرانی نێودەوڵەتی و لیژنە مافپەروەرەکانەوە بە هەڵبژاردنێکی ناپاک و پڕ لە خەوش وەسفکرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی (هۆن سین)ی سەرۆک وەزیران و پارتەکەی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز بوونی نەبوو، تاکە حزبی ئۆپۆزسیۆنیش ساڵی ڕابردوو لەلایەن حکومەتەوە هەڵوەشایەوە. جێگەی باسە وەکو دەنگ پاری گەلی کەمبۆدی (80%)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی پەرتبوونی دەنگی لایەنەکانی دیکە و کەمی دەنگەکانیانەوە، سەرجەم دەنگەکانی ئەوانیش چوو بۆ پارتی یەکەم. جێگەی باسە هۆن سینی سەرۆک وەزیران، کە ئێستا تەمەنی 65 ساڵە، ماوەی 33 ساڵە حکومڕانیی وڵاتەکەی دەکات و پێشتریش ئەندامی (خەمیری سور) ماویستەکان بووە، کە لە ماوەی ساڵانی 1975-1979 بە شێوەیەکی توند فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەیان کرد. پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنی پێشووی ساڵی 2013 پارتی ڕزگاریی نیشتیمانیی کەمبۆدیا سوودی لە ناڕەزایەتیی هاونیشتیمانیان وەرگرت بەرامبەر حکومەت و دەنگێکی بەرچاوی هێنا، دواتر ئەم دەنگانە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیشدا دووبارە بوونەوە، هەربۆیە هۆن سین کەوتە خۆی و لە ڕێگەی تۆمەتبارکردنیان بە هەوڵدان بۆ کودەتاوە، سەرکوتی کردن.

# پاكستان؛ حزبی وەرزشكارێكی دێرین زۆرینەی كورسییەكان بەدەستدەهێنێت

**ئەنجامی هەڵبژاردنی پاكستان 2018**

| ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی پاكستان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | پارت | ئایدیۆلۆژیا | سەرۆك | ژ. كورسی |
| 1 | بزووتنەوەی ئینساف | میانڕەو | عیمران خان | 149 |
| 2 | ڕابیتەی ئیسلامی (نەواز) | ڕاستی میانڕەو | شەهباز شەریف | 82 |
| 3 | پارتی گەل | چەپ | بیلاوال بۆتۆ زەرداری | 54 |
| 4 | ئەنجومەنی ئاشتەوایی یەكگرتوو | ڕاستی توندڕەو | فەزڵ ڕەحمان | 15 |
| 5 | بزووتنەوەی نەتەوەیی یەكگرتوو | نەتەوەیی | خالید مەقبول سدقی | 7 |
| 6 | ڕابیتەی موسوڵمانانی پاكستان | میانڕەو | چۆدری شوجاعەت | 5 |
| 7 | پارتی بلوچستانی عەوامی | میانڕەو | جام كەمال خان | 5 |
| 8 | پارتی بلوچستانی نیشتیمانی | چەپ | ئەختەر مەنغال | 4 |
| 9 | هاوپەیمانێتیی دیموكراسیی گەورە | فرەلایەن | پیر باجارۆ | 3 |
| 10 | سەربەخۆكان | - | - | 13 |

ناوەڕاستی هاوینی ساڵی 2018 پاكستان هەڵبژاردنێكی گەرموگوڕی بەخۆوەبینی، ئەویش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بوو، كە تێیدا پارتی «ئینساف»، كە وەرزشكارێكی دێرینی یاری كریكێت بە ناوی (عیمران خان) ڕابەرایەتیی دەكات، توانی زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێت و 149 كورسی بۆخۆی مسۆگەربكات لە كۆی 272 كورسیی پەرلەمانی ئەو وڵاتە. هاوكات بە گوێرەی ڕاگەیەندراوە فەرمییەكانی ئەو وڵاتە پارتی «ڕابیتەی ئیسلامی- باڵی نەواز» لە پلەی دووەمدا دێت بە بەدەستهێنانی 82 كورسی، لەو دەمەی پارتی گەلی پاكستانی (كە پێشتر لەلایەن بێنەزیر بۆتۆوە ڕابەرایەتیی دەكرا و ئێستاش لەلایەن كوڕەكەیەوە)، 54 كورسیی بەدەستهێنا. جێگەی باسە لەم هەڵبژاردنەدا (12027 كاندید) كێبڕكێیان لەسەر 849 كورسیی ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی هەرێمەكان دەكرد، واتە 272 كورسیی پەرلەمان و 577 كورسیی ئەنجومەنی هەرێمەكان. لەناو پەرلەمانیشدا دواتر حزبە بەشدارەكانی ناو پەرلەمان هەریەكەیان بە گوێرەی ڕێژەی هێزی خۆی، 70 كورسیی كۆتا دابەش دەكەن، كە 60 كورسییان بۆ ژنانە و 10 كورسیی دیكەشی بۆ كەمینە ئایینییەكانە. بەمەش كۆی كورسییەكانی پەرلەمانی پاكستان دەبێتە 342 كورسی.

# سوید؛ وێڕای بەرزبوونەوەی دەنگەکانیان، بەڵام ڕاستە توندڕەوەکان سەرکەوتوو نەبوون



**ئەنجامی هەڵبژاردنی سوید 2018**

| ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ز | پارت | ڕێژەی دەنگ ٪ | ژمارەی کورسی |
| 1 | پارتی سۆسیال دیموکرات | 28.26 | 100 |
| 2 | پارتی مۆدێرات | 19.84 | 70 |
| 3 | دیموکراتەکانی سوید | 17.53 | 62 |
| 4 | پارتی ناوەند | 8.61 | 31 |
| 5 | پارتی چەپ | 8.00 | 28 |
| 6 | کریستیان دیموکراتەکان | 6.32 | 22 |
| 7 | لیبراڵەکان | 5.49 | 20 |
| 8 | پارتی سەوز | 4.41 | 16 |

پارتی سۆسیال دیموکراستی فەرمانڕەوای سوید، توانی زۆرینەی دەنگی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بەدەستبهێنێت، ئەمەش لە میانەی ئەو هەڵبژاردنەی کە لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی 2018 لەو وڵاتە بەڕێوەچوو. پێش هەڵبژاردنەکان زۆرێک لە چاودێران باسیان لەوە دەکرد کە ئەگەرێکی بەهێز هەیە بۆ سەرکەوتنی ڕاستە توندڕەوەکان، بەڵام پێشبینییەکان بەو جۆرە نەبوو، ڕاستە توندڕەوەکان نەیانتوانی وەک پێویست دەنگی سەرکەوتن بهێنن، وێڕای ئەوەی لە چاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە ڕێژەی (4%) دەنگەکانیان بەرزبۆتەوە. جێگەی باسە پەرلەمانی سوید لە لە 349 ئەندام پێکدێت، کە سەرجەمیان لە میانەی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لیستە بەشدارەکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

# بۆسنە و هەرزەگۆڤین ؛ هیچ پارتێك زۆرینەی بەرچاوی بەدەستنەهێنا



### ئەنجامی هەڵبژاردنی بۆسنە 2018

| ز | پارت | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 1 | پارتی کردەی دیموکراسی | 17,01 | 9 |
| 2 | هاوپەیمانێتیی سۆسیال دیموکراتە سەربەخۆکان | 16,03 | 6 |
| 3 | SDS–NDP–NS–SRS | 9,80 | 3 |
| 4 | پارتی سۆسیال دیموکرات | 9,08 | 5 |
| 5 | HDZ–HSS–HKDU–HSP–AS BiH–HDU BiH | 9,05 | 5 |
| 6 | بەرەی دیموکراسی | 5,81 | 3 |
| 7 | پارتی پێشکەوتووخوازی دیموکرات | 5,06 | 2 |
| 8 | هاوپەیمانێتیی گەلی دیموکراسی | 4,18 | 1 |
| 9 | یەکێتیی داهاتوویەکی گەش | 4,16 | 2 |
| 10 | پارتی ئێمە | 2,92 | 2 |
| 11 | بەرەی سەربەخۆ | 2,51 | 1 |
| 12 | بزووتنەوەی کردەی دیموکراسی | 2,32 | 1 |
| 13 | پارتی سۆسیالیست | 1,89 | 1 |
| 14 | پارتی چالاکیی دیموکراسی | 1,84 | 1 |

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2018 هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتی بۆسنە بەڕێوەچوو، کە تێیدا دەنگدەران دەنگی خۆیان دا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی بۆسنە و ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمانی بۆسنە و هەرزەگۆڤین)، ئەمە جگە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە تەشریعییەکانی ناو هەردوو قەوارەی (یەکێتیی بۆسنە و هەرزەگۆڤین و کۆماری بۆسنەی سرپیا.

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


**خاوەنی ئیمتیاز**

دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**لێپرسراوی دەزگا**

ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیار**

سابیر عەبدوڵڵا کەریم